# وتووێژی بەڕێز مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی لەگەڵ گۆڤاری K21



مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی

**پرسیاری ٧ - چالاکی سیاسی و نەتەوەیی لە ساڵانی حکومەتی موسەدیق و دەورت لەو سەردەمە چ بووە؟**

دوای میللی کردنی نەوت موسەدیق دەی ویست نیزامی سەڵتەنەتی ی ئێران بکا بە مەشرووتەی ڕاست، حکومەتی ئێران ببێتە حکومەتێکی پارلەمانی و لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی شا دەری بهێنێ شا ببەسترێتەوە بە مەجلیسەوە مەجلیس سەر بەخۆ بێ لە بڕیار دان دا، موسەدیق نەی دەویست شایەتی نەمێنێ و نەی دەویست نیزامی ئێران بکاتە کمونیستی بەڵام حیزبی توودە دەستی کرد بە شیعاری کمونیستی و ئەمریکا و دەوڵەتە سەرمایەداریەکانیان دا چڵەکاند و ئەوانیش خۆکەوتن بە سەر لەشکر زاهیدی کودتا و ئینقلابیان کرد لە دژی موسەدیق و ئیسلاح خوازان، شایان دوای هەڵاتن گێڕاوە سەر دەسەڵات شیعارە ناوەختەکانی حیزبی توودە نەیان هیشت بەرنامەی موسەدیق بێتە جێ و تووشمان نەبێ بە تووشی نیزامی ویلایەتی فەقیهەوە. ئاڵووگۆڕێك ئەگەر ببوایە لە سەرەوە بۆ هەموو ئێران دەبوو، منی فەقێ و دەرس خوێن توودە نەبووم تا تێکەڵ بەو دروشم و شیعارانە بم خۆ باسێکیش لە کوردایەتی لە ئارادانەبوو.

**پرسیاری ٨ - چالاکی و پێوەندیت لەگەڵ بزووتنەوەی چەکداری ٤٦ - ٤٧ لە کوردستانی ئێران هەبووە؟**

بەر لە ئینقلاب جێی ئیعتماد و باوەری هەموو موخالیفانی شا بووم زۆر نهێنیان لە لامن دەدرکاند و ڕژێمی شا منی بە موخالیفی خۆی و دۆستی دژمنانی خۆی دەزانی و تەبلیغاتی کوردایەتی، دژایەتی ڕژێمی شام دەکرد بە سەروو، دەروو، بۆ دەرباز کردنی قاچاغان بە پێی توانا هەوڵم دەدا بەڵام لەگەڵ هێچ حیزبێك نەبووم.

**پرسیاری ٩ - چالاکی سیاسی لە سەرودەمی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و دەوری جەنابت لە بانە تا شەر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چی بووە؟**

کاتی کە ڕاپەرین لە ئێران لە دژی ڕژێمی شا دەستی پێ کرد و ڕاپەرینە کە لە شارەکانی غەیرە کورد بوو بە ڕاپەرینی جەماوەری، دەبوو لە کوردستانیش ڕاپەرین جەماوەری بێ. لە کوردستان چەند مەلاییێك کە بەئینقلابی و کورد و ناخۆشەویستی ڕژێمی سەڵتەنەتی ناسرا بوون، کەوتنە پێش خەڵکی ئازادی خوازەوە. من یەکێك بووم لەو مەلایانە کە بە ئینقلابی و نارازی دەناسرام و شیعری میللی و ئینقلابیم دەنووسی و دەکەوتە دەست لایەنە سیاسیەکانی کوردستان. خەڵکی بانە لەو هەلە زێرینەدا چاوەروانی من بوون کە بکەومە پێشیان و ڕاپەرین لە ناوچەی بانە دەست پێ بکا. ئەوە بوو لە بە خاك سپاردنی دوو لاو هەردووك بە ناوی ناسر کە لە ژێر تەراکتۆر دا یەکیان مرد ئەوی تریان قسوری ژاندارم بووە هۆی مردنی، شەوێ بردمانە گۆرستانی سلّمان بەگ، دوای بە خاك سپاردنیان قسەم بۆ خەڵك کرد و دوای قسەکانی من جەوانەکان دەستیان کرد بە درود گوتن و شیعاردان تا ناو شار. دوایی ڕاپەرین نەپساوە، دەهاتنە بەر دەرگای ماڵی من و پیشیان دەکەوتم و وتاری پر حەماسە و ئاورینم دەدا. ڕاپەرین بە شێوەیێك گەرم و گوڕ بوو کە بانە لە هەموو ناوچەکانی تری کوردستان گەرم تر بوو هەر زوو چەکمان هێنا ناو شار.

کە مەترسی ی ئەوەکرا کە ڕووداوی پاوە لە بانە تەکرار بێتەوە ئامادە باشمان ڕاگەیاند تا دڵنیا بووین کە بەرنامەیێکی وەك بەرنامەی پاوە لە بانە ناکرێ لە ئارادا بێ، ئەمجار شارمان ئاسایی کردەوە.

**سازدانی دیمانە: احمد صفا**

**بەشی دووهەم**

خەڵکە بە شەرەف و ئازاکەی بانە بە هەموو چینەکانیەوە لە تەزاهورات ورێ پێوان و دەربڕینی ئاڵوگۆر خوازی بە دڵ بەشدار بوون و، هاودەنگی و هاو دەردیان لەگەڵ شارەکانی کوردستان دەکرد. کە هیزەکانی ڕژیم لە سەردەشت و سەقز و بۆکان و سنە تەقەیان لە خەڵك کرد و خەڵکیان کوشت، بۆ هەموو شارەکان بە ژمارەییێکی زۆرە، دەچووین و لە هەموویان قسەم بۆ خەڵك دەکرد. لە یادمە کە بۆ سەردەشت نزیّك بە هەشتا ماشین چووین و ژمارەییێك کلاشینکۆف و دەمانچەشمان پێ بوو. هەواڵی گەرم و گوڕی و ڕێك و پێکی ی بەرنامەی ڕاپەرین لە بانە، بە هەموو ناوچەکان گەیشتبوو. لە زۆر جیگای کوردەواریەوە خەڵك بۆ بینینی گەرم و گوڕی و ڕێك و پێکی ڕاپەرینی خەڵکی بانە دەهاتن. ئەوەی لە دەستم هات کردم هێچ بە چاو لێ کەریی لە جنابی مامۆستا شێخ عزالدین نەبووە وەك یاسین سەردەشتی دەنووسێ، ئەوی کردوومە لەڕێ کوردایەتی و حەق پەرستی دا و لە سەر باوەر بووە و ئەوی لە مەولا لە دەستم بێ، لە سەر باوەڕ دەبێ و منەتی لە سەرکەس نیە ئەوەش بۆیە دەڵەم کە ناڕەوایە لە زەحمەت و کاری کەس تەعبیری خراپ بکرێ ئەو جۆرە هەڵوێستە نارەوا و ناراستانە من سارد ناکەتەوە لە کاری رەواو پێویست. وا چاکە کەس لە نووسین دا چێو لە تاریکی نەکوتی.

تا دوایی هاتنی ڕاپەرین و سەرکەوتنی ئینقلاب کۆبوونەوە لە مزگەوتان دەوامی بوو کە شاپور بەختیار ڕۆیی و دوامین پێتەکی شا و حکومەتەکەی باری کرد خەڵك بە هیوا بوون چی لە پادگان دایە بکەویتە دەستیان، بەڵام من داوام لە خەڵك کرد وا چاکە پادگان دەست لێ نەدەین سوپاسی ئەو خەڵکە حەق ناسەی بانە دەکەم کە بە قسەیان کردم.

کەسانی جێی باوەرم بۆ ئاگاداری لەوێ دا ناو فەرماندەی گورهانەکەمان کە ئەفسەرێکی سنەیی بوو لەوێ هێشتەوە.

پێم وا بوو دەبێ ڕاوەستین جێ داری حکومەتی شا لە مەرکەزەوە ببینین کە چۆن دەبێ هەڵوێستی. من لە پاییزی زووەوە بەرپرسی شووڕای شار بووم کە پێکمان هێنابوو، دواییش ناوەکە گۆرا بوو بەمەسئولی کومیتە. شارەوانی لەژێر دەستی کومەیتە دابوو و ئەمنیەتی شار دەپارێزرا. تەنانەت ژمارەییێك چەکدارمان نارده سنە بۆ پاراستنی تەلەفیزیۆن و ئوستانداری.

لە بەهار دا چوومە سنە و داوام کرد لەدەوڵەتی تازە سازی خومەینی کە چوارسەد برنەومان بداتێ، بۆ پاراستنی مەرز، حازر نەبوون بیدەن، هەڕەشەم کرد کە پادگانی بانە هەڵدەگرم و دێمەسەر پادگانی سەقز، ئەویش دەگرم، دوای نزیك بە سەعاتێك جوابی موافقەت هاتەوە، لەهەنگی ژاندرمری چوارسەد برنەوی تازەم وەرگرت بە چل هەزار فیشەکەوە، بردمنە پادگانی بانە، دوای چەند رۆژ بە پێی لیست دامنە دەست خەڵکی دێهات.

لەمانگی بانەمەڕدا لەگەڵ ژمارەییێك مامۆستای ئایینی و دۆستان بە مەبەستی تەبلیغ سەفەرێکی جنووبی کوردستان کرد، لەسەقزەوە بۆ سنە و کامیاران و ڕەوانسەر و جوانڕۆ و پاوە و نودشە و نەوسوود و دزڵی و مەریوان لەهەمووی قسەی کوردایەتی و یەك گرتوییم بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە کرد. لەهاوینی ئەو ساڵەش دا سەفەرێکی ترم کرد، تا ڕەوانسەر و وەلەدبەگی ڕۆیشتین، بەڵام بەهۆی تەقینەوەییێك لەبازاری بانە کە بریندار و کوژراوی لێ کەوتەوە گەراینەوە.

لە ڕەمەزانی پەنجا و هەشت دا بە نزیك حەفتا پێشمەرگەوە چووم بۆ تیلەکۆ بۆ سوڵحی نێوان کە شاوەرز و کۆنە فئودالەکانی ئەو ناوچەیە کە چەپەکان بە شەڕیان دابوون و ژمارەییێك کوژراو لە هەر دوك لا لە چایخانەکەی سێ ڕێیانی تیکاب مابوونەوە و بە خاك نەسپێرابوون. لەگەڵ ئەوەدا کە ڕژیم زانیبووی ئێمە بۆ سوڵح چووین نەك بۆ شەر، هێزێکی زۆری پاسدار هێنایە سەرمان ناچار بە شەڕ بووین لەگەڵیان، ژمارەییێکی زۆریان لێ کوژرا و گیرا فەرماندەکەیان بە برینداری گیرا و ئێمە بێ زیان بوین تەنیا بە تەقینەوەی فیشەکی خەشابێك برێنداریکی سووکمان بوو.

بەو شەرە بۆمان دەرکەوت کە ڕژیم سوڵح و ئاشتی و حەقی میللەتی کورد ناناسێ جا ئەمجار چەکی پادگانی بانەمان بە نیسبەت کەمی ی و زۆری بەسەر ئەحزاب دا دابەش کرد، دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدینیش یەکێك بوو لەو لایەنانە و فەرماندەکەی پادگانمان جواب کرد.

**پرسیاری ١٠- شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەڵوێستی ئێوە، پێوەندیتان بە لایەنەکان، پێوەندی لەگەڵ مامۆستا شێخ عزالدین، ڕای ئەو کات و ئێستات سەبارەت بە هێزە سیاسیەکانی ئەوکات لە حیزب و کۆمەڵە تا دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدینمان بۆ باس بکە؟**

وەك لەپێشەوە گووتم، لەرەمەزانی ساڵی ٥٨ دا ڕژیم لە ئێرانشای ناوچەی تیلەکۆ پیلەی بە ئێمە گرت و شەڕی پێ فرۆشتین، دوای شەری بەهاری سنە ئەوە دووهەم شەرێك بوو کە ڕژیم سەپاندی بەسەر کوردستان دا. لە ٢٨ی گەلاوێژ دا فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەرچوو، هێرشی بەرینی هێنا بۆ سەر کوردستان. لەڕاستیدا موقاوەمەتێکی بەرچاونەکرا، چونکە هێزەکان یەك هەڵوێست نەبوون، چەپی مائۆیی و غەیرە و هەریەکە لە هەواییێك دەی خوێند، شیعار و پلاکاردەکانیش دڵی خەڵکی تا ئەندازەییێك لەموبارزە و کوردایەتی سارد کردبووەوە. لەڕاستێدا هێزێکی بارهاتوو و سەردەرچوو نەبوو، بەربەرەکانییێکی ئەوتۆ نەکرا، شارەکانی کوردستان هەموو گیرانەوە، تەنیا بانە و سەردەشت مابوون. مامۆستا شێخ عزالدین و دوکتور قاسملو و فوئادی مستەفا سوڵتانی هاتنە بانە دوای ماوەییێك بەرەو سەردەشت ڕۆیشتن. پێمان وابوو هێزەکانی ڕژیم لە کەلی خانەوە بۆ بانە هێرش دێنن، بەڵام لەجادەی قەرەژدابانەوە(جادەی مەریوان) هێرشان هێنا، تا سێ چارەکە سەعات بەر لەگەیشتنیان بۆ ناو شار لەشاردابووم، لەگەڵ ژمارەییێك پێشمەرگە بەرەو ئاواییەکانی ڕۆژاوای شار ڕۆیشتم. ڕژیم شاری گرتەوە. مامۆستا شێخ عزالدین و دوکتور قاسملوو چوونە لای مام جلال و ئێمەش پەڕینەوە بۆ کوردستانی عێراق لەگەڵ ژمارەییێك لە خاوو خیزانی پێشمەرگە. پێویستە بگوترێ کە زوتر لە سەر داوای دەوڵەتی عێراق پێوەندیمان بە دەوڵەتی عێراقەوە گرتبوو.

دوای دامەزراندنی هەموو ماڵە پێشمەرگەکان گەراینەوە وەڵات هاورێکانی پێشوو کۆبوونەوە و ژمارەییێك خوازیاری پێشمەرگەیی بە ریزەکەمان زیاد بوون، تا ئێمە گەراینەوە ڕژیم تەواوی پادگان و پاسگاکانی لە زۆرینەی ناوچەکان ئاوەدان کردبووەوە. گوردانی گاردی جاویدانی بە هەموو ناوچەکان دا وەك مانۆر و هەڕەشە دەگەرا ئەم شارە و شاری دەکرد، تا لە رۆژی جیژنی قوربان دەهەمی خەزەڵوەر پێشمەرگەکانی دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین لە جادەی سەردەشت بانە لە دوو جێگە لێ یان داو لە دەروازەی شاری بانە بەریان پێ گرت نزیك بە حەفتا ئوتومبیلی ئەرتەشی لەوێ لە کار خران و سووتان و ژمارەییێکی زۆریان لی کوژرا و بە دیل گیرا هێندێك لە سەربازەکانی ئەو گوردانە گەیشتنە پادگان. بە اقراری چریکە فیداییەکان ووجودی نیزامی لەو شەڕەدا هەر ئی دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین بوو، دەفتەری مامۆستا هەشت شەهیدی دا و دیلەکانی ئەو شەرە تا ئازاد بوونیان لە دەست دەفتەری مامۆستا دا بوون هێچ لایەنێکی تر شەهیدی نەبوو و هێچ دیلیان لە دەست دا نە بوو.

هەڵوێستی من لە ڕاست شەڕی داسەپاو ئەوە بوو کە دەبێ لە بەرامبەری دا موقاوەمەت بکرێ. کاتێك ڕژیم بە قودرەت دەنازی و حەق ناناسێ و ئامادەی ووتووێژی ڕاست و حەق خوازانە نیە و خەڵك بە واجیبو لئیتاعە بۆ وەلیی فەقیە دەزانی و ئەمری وەلیی فەقیە بە ئەمری خودا دادەنێ لەگەڵ ئەوە دا کە ئەوە ئیدعاییێکی بێ بنەڕەتە و ڕۆپۆشە بە سەر دیکتاتۆری وستەم و نارەوادا دراوە، ناکرێ گوێی پێ بدرێ و واجبە بە هەموو توانا بەربەرەکانی ی بکرێ، ئەمن کە مەلام و لە کۆنەوە نیشتمان پەروەرم و خەون بە ئازادیی کورد و کوردستانەوە دەبینم، بە پێویستی دەزانم بۆ بەربەرەکانی ی داگیر کەرانی کوردستان لە زانستی دینی و مێژوویی و نفوزی کۆمەڵایەتیم کەڵك وەرگرم، واشم کردوە و تا ماووم ئەوە باوەڕ و ئەرکم دەبێ بە ویستی پەروەردگار.

ڕەفتاری من لەگەڵ جەنابی مامۆستا شێخ عزالدین ڕەفتاری براییێکی بە ئەدەب لەگەڵ برا گەورەییێکی زانا و ئازا و خاوەن ئەخلاق و ڕێزدار لەلای هەموو چینەکانی کوردستان بوو، ڕەفتاری شاگردێکی مەدرەسەی دینی لەگەڵ مامۆستاییێکی زانای کەم وینە لە هەموو کوردستان دا بوو سەرەرای ئەوانە پشتیوانی مەزڵوومان و دژ بە ستەمگەران بووە و لە گوتنی ئەوەی پێی حەق بووە باکی لە کەس نەبووە. ئەو پێوەندی و بەراوردە لە رابوردودا و لە ئێستێ دا وەك یەکە، بەڵام لە تەشخیسی چاکە و بەراووردی سیاسی و نەزەراتی ئاینی دا وا بووە لێك هەڵبڕاوین ئەوەش شتێکی سوروشتیە ناکرێ دوو برا لە هەمووشتێك دا وەك یەك بن.

لەگەڵ زۆرینەی ڕێبەرانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دۆستایەتی شەخسیم بووە و هەیە لە کاتی دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین و لە کاتی سازمانی خەبات دا هاوکاریی هەموو لایەنە کوردستانیەکانمان کردوە.

**پرسیاری ١١- پێوەندیی جەنابتان بە مامۆستا شێخ عزالدین و دەفتەرەکەی ـ کۆمەڵە - حیزبی دیموکرات ـ چریکی فدایی ـ ئەحمەدی موفتی زادە، چۆن بوو؟ هەروەها ڕای جەنابت لە سەر ئەوان لەو کات دا؟**

پێوەندی و هاوکاریمان لەگەڵ دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین دوای پێك هاتنی سازمانی خەبات بەردەوام، دیارە چەندکەسیکیش لە دەفتەردا هەبوون ڕەفتاریان لەگەڵ سازمانی خەبات باش نەبوو.

لەگەڵ کەسانێك لە کۆمەڵە لە هەموو ناوچەکان دۆستایەتی شەخسیم بووە، لە شۆرشیدا حەزم کردوە هاوکاریان کەم هەرچەند بیرو باوەڕمان لێك دوور بووە.

حیزبی دیموکرات چونکە پیشونەکەی لە کۆماری مەهابادەوە بوو و حیزبێکی کوردستانی بوو هەرچەند ئەویش چەپ بوو بەڵام شەخسی قازی محمد بۆی ببوە روپۆشێك، جەماوەر ئەوسلەی لە چەپەکانی تری دەکرد لەوێ نەدەکرد، خەڵکی زۆرتر تێ ئاڵا بوون. لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا ووجودی سیاسی و نیزامی ی بوو. بە پێچەوانەی ئێستێ ئەو دەم نێوانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ سازمانی خەبات زۆر خۆش نەبوو هیچ جۆرە هاوکاریمان نەبوو تا هەموومان ئاوا کراینە ئەودیو.

لەگەڵ چریکە فیداییەکان بەر لە ئینشعاب و دوای ئینشعاب هیچ هاوکارێمان نەبووە.

کاك ئەحمدی موفتی زادە خودا لێی ببووری کەسێکی زانا و ئازا و دوور لە مادییات بوو خاوەن باوەری پتەو بە ئیسلام و فیداکار لەرێ دا بوو، ئازاد بوونی کوردستانی زۆر لەلا مەبەست بوو بەڵام باوەری بەو ئاخوندە هەموو گیان درۆیانە کرد بوو بە بەڵێنی ئەوان لە خەتی پانی موبارەزەی کوردستان چوە دەر. جستانی ٥٧ کە بە بۆنەی شەهیدەکانی شازدەی بەفرانبارەوە هاتە بانە دەی گوت: (خودموختاری ها لە گیرفانم دا). بە شیعارە ئایینیەکانی ئاخوندان و بەڵێنی خودموختاری فریوی خوارد. کاك ئەحمد هەموکاری لە سەر بناغەی ئیمان و باوەر بوو خۆفرۆش و مادی نەبوو باوەری بە ڕێی ڕاستی ئیسلام بوو. کە بۆی دەرکەوت ئاخوند نە ئیسلامی ڕاستن و نەحەقی میللەتی کورد دەناسن، دژیان بزووتەوە و چێی بە زیانی ئاخوندانی دین بە دنیا فرۆش بوو دەی گوت، خستیانە چاڵە ڕەشی زیندانەوە، قاتیع ویستا لە بەرامبەر ڕێگەچەوت و بێ سەرەو بەرەکەی ئاخوندان دا وەك کێوە سەر بەرزەکانی کوردستان ڕاوەستا، تا دەرزیی مەرگی بە شینەییان لێ نەدا ئازادیان نەکرد، لە دەرەوەی زیندان بە پلەی شەهادەت گەیشت، هەزار ڕەحمەت لە روحی بەرزی.

**درێژەی هەیە**